

# یەشار کەمال:
# هەمیشە ستایشی ئەمیل زۆلا-م کردووە

«یەشار کەمال» نووسەرێکی نەوەدوویەك ساڵەیە، کە خووی بە لاوازی جەستەییەوە گرتووە، لە ژووری میوانە شپرزەکەیدا دانیشتووە. ئەو نووسەرەی کە زۆربەری خەڵکی تورکیا رۆژگارێك وای بۆ دەچوون یەکەم کەس بێت کە خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب - یان بۆ بهێنێتە ماڵەوە. «عائیشە بابان» چا بۆ هاوسەرەکەی (یەشار کەمال) دێنێت و دەڵێ: «تاکو ئێستا رۆژنامەنووسێکم نەدیوە پرسیار کەم بکات. یەشار! لێیگەڕێ با ئەو کوڕە قسەکانی بکات.»



Idea لە تورکییەوە: سەردار جەعفەر




بەرگی ڕۆمانی حەمەدۆك

یەشار کەمال پیر بووە، بەڵام هێشتا بڕستی دەنگی لە دەست نەداوە، لە کاتی قسەکردندا پەیڤەکانی پڕن لە نوکتە، شەجەرەنامەی ورد، چیرۆك لەناو چیرۆك و شیعری میللی. هەندێك جاریش دەست دەخاتە سەر گۆچانەکەی و ڕۆدەچێتە ناو هزر و ڕامان. حەزی نووسین لای یەشار کەمال، بۆماوەییە. باوکی، دەوڵەمەندێکی کوردی گەورە بووە، کە لەساڵی 1915 ڕایکردووە بۆ ئەناتۆلیای خۆرهەڵات. شاعیرە میللییەکان یەکەم مامۆستای یەشار کەمال بوون. کاتێك 14 ساڵان بوو، یەکێك لەو مامۆستایانەی داوای لێدەکات ببێتە فێرخوازی ئەو. کەمال خۆی لەوبارەیەوە دەگێڕێتەوە: «وتی ڕۆژێك دێت، دەمە (کاراکاتۆغلان) یێکی نوێ. «مەبەستی شاعیر و دەنگبێژی گەورەی سەدەی حەڤدەیەم بوو.

### یەشار و ستاندال

یەشار، لادێکەی خۆیانی جێهێشت و ڕووی کردە قوتابخانە، لەگەڵ سێرڤانتس، چیخۆف و لە کۆتاییشدا بەستاندال ئاشنا بوو. یەشار لە یەکەم ڕۆژەکانی ژیانی نووسەری خۆیدا شەیدای ستاندال بوو، بەجۆرێك کە لەبارەیەوە دەڵێت: «لە لادێوە هاتبووم. هەموو شتێکم دەزانی، بەڵام دوای ستاندال ڕووبەڕووی جیهانێکی نوێ بوومەوە. «یەشار کەمال خۆی ئاشنابوون و هۆگری ئەو ڕۆژگارەی بۆ ئەدەبیاتی خۆرئاوا، بە بەشێك لە بەختەوەری ژیانی لەقەڵەم دەدات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا خۆی بە وەفاداری مێژووی بنەماڵە و «چکورادا»ی سەردەمی منداڵی دەزانێت، هەروەها یەشار کەمال بۆ نووسینی «حەمەدۆك» واتە پڕفرۆشترین بەرهەمی کە نوسخە ئەناتۆلییەکەی «ڕۆبین هود»ە، تاڕادەیەك کەڵکی لەو چیرۆکانە وەرگرتووە، کە لەسەر زاری چەتەکانی لادێکەی خۆی بیستوویەتی. «سەلمانی تەنیا»ش لەسەر بنەمای کوشتنی باوکی یەشار لە چیرۆکی منداڵێکی هەتیودا کە ساڵی 1915 بەخێوی کردووە، ئەو کوشتنەی کە یەشار خۆی لە تەمەنی 5 ساڵیدا شایەتی بووە.

«ئاغاکانی ئاقچەساز» چیرۆکی دەشتەکییەکانی ساڵانی 1860ە لە ناوچەی چکورادا. ئەم کتێبەش لەسەر بنەمای شیعرەکانی «داداڵ ئۆغلۆ» شاعیری سەدەی نۆزدەی تورکیا نوسراوە، کە لە نزیك شوێنی لەدایکبوونی یەشار کەمال نێژراوە. یەشار بەشێك لە شیعری «داداڵ ئۆغلۆ»ی بە دەنگ خوێندووەتەوە، بە دەستی ڕاستی ئاماژە بە ئاستی شیعرەکە دەکات و دەڵێت: «خوداوەند نیشانەیەکی نارد بۆ ئەوەی باوەڕمان بەهێز بێت، چارەنووس وایە، بەڵام فەرمان، فەرمانی سوڵتانە.» یەشار لە درێژەدا دەڵێت: «هەرگیز شایەنی

سەربزێوییەکی لەمە گەورەتر بوون؟».

یەشار کەمال بەو قسانەی کە لە مانگی ئۆکتۆبەردا بۆ ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی کردبووی، جارێکی دیکە سەرنجی خەڵکی تورکیای بۆلای خۆی ڕاکێشا. وتبووی چیتر هیوای بە چوونە ناو یەکێتیی ئەورووپای تورکیا نەماوە، هەروەها باسی لەوە کردبوو کە یەکێتیی ئەورووپاش وەك هەر هێزێکی گەورەی تری جیهان دەڵاڵی شەڕە. سەرەڕای ئەمە، یەشار هەمیشە وەك ڕۆماننوسێك بەرگری لە شوناسی خۆماڵی کردووە، بە چاوی گومانەوە سەیری مەیلی تورکیا بۆ نزیکبوونەوە لە خۆرئاوا کردووە، دەڵێت: «ڕووناکبیرەکانمان لاسایی خۆرئاواییەکان دەکەنەوە، لە خۆنامۆ بوونە، هیچ شتێك لە بارەی ئەناتۆلییەوە نازانن، تەنانەت بە چاوی سووکیش سەیری دەکەن. سەیری نازم حیکمەت بکەن، ئەو شاعیرێکی گەورەی تورکیا بوو. لە ئەناتۆلی هەڵقوڵاو ئەو شاکارە بێ وێنانەی نووسی.»

**سەرەتای نووسین**

یەشار کەمال لە دەیەی 1950وە دەستی بە نووسین کرد، سەرەتا قسەکانی لە جۆرە پۆپۆلیزمێکی ئۆلستۆی-یانە دەچوو. بۆیە لەناو چەپەکانی ئەو کاتەی تورکیادا پێشوازییەکی گەرمی لێکرا. کەمال هەر لە منداڵیشەوە هیچی لە بارەی سیاسەتەوە نەدەزانی، بەوتەی خۆی کە تەمەنی 17 ساڵ بووە، کتێبی «کۆمۆنیزم چییە؟»ی بە دەستەوە گرتووە، بێ ئەوەی یەك وشەی لێ تێبگات. هەر لەو کاتەوە، یەشار بووبە سۆسیالیستێکی نائاسایی، لە گەنجێتیشیدا کەوتۆتە زیندانەوە، چەند چیرۆکێکیشی لەلایەن پۆلیسەوە دەستی بەسەردا گیراوە. لە دەیەی 1940یشدا بە تۆمەتی دامەزراندنی یەکێتیی شۆفێرانی تراکتۆر دەستگیر کراوە، بەڵام وەك خۆی باسی دەکات: لە بەڕێوەبەری پۆلیس دەپاڕامەوە دەستنووسەکانم بدۆزێتەوە، ئەویش دەیووت کە (کادیرلی) بۆ داگیرساندنی چرا سووتاندوومانە.»

یەشار سەردەمێك کەسایەتییەکی گرنگ بوو لەناو چەپی توندڕەودا، دەیەی 1970 پەراوێز خرا، بەڵام کێشە و گرفتەکان هەر لەگەڵیدا مانەوە. ساڵی 1996 بەهۆی ڕەخنە گرتن لە سەرکوتکارییە ترسناکەکانی تورکیا بۆسەر کوردەکان، 20 مانگ زیندانی بەسەردا سەپێنراوە. میدیای تورکی لەبەر ڕەخنەکانی یەشار لە شێوازی مامەڵەکردنی دەوڵەت، هێرشێکی توندیان کردە سەری. یەشار کەمال وتبووی دەوڵەت بەم شەڕە، تەنها کێشەکان قووڵتر دەکاتەوە. یەشار کەمال لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە ئەنقەرە وتی: «بە جەنگاوەرەکان دەڵێین تیرۆریست، دەمانەوێت بەم شێوازە کێشەکان چارەسەر بکەین، کەچی ئێمە بووینەتە وڵاتێك کە لەدژی میللەتەکەی خۆی شەڕ دەکات.»

**ستایشی ئەمیل زۆلا**

یەشار زۆر جەخت دەکاتەوە کە گوشارە سیاسییەکان هەرگیز کاریگەری لەسەر پیشەکەی نەبووە و دەڵێت: «نووسەرێك ئەگەر بیەوێت پێ لە بەرەی خۆی درێژتر رابکێشێت، کۆتایی

**یەشار سەردەمێك کەسایەتییەکی گرنگ بوو لەناو چەپی توندڕەودا، دەیەی 1970 پەراوێز خرا، بەڵام کێشە و گرفتەکان هەر لەگەڵیدا مانەوە. ساڵی 1996 بەهۆی ڕەخنە گرتن لە سەرکوتکارییە ترسناکەکانی تورکیا بۆسەر کوردەکان، 20 مانگ زیندانی بەسەردا سەپێنراوە**



یەشار کەمال

به کارەکەی دێنن. «یەشار زۆر دژی ئەوانەیە کە بە نووسەرێکی چەپگەرا ناوی دەبەن و دەڵێت: «من هەمیشە ستایشی ئەمیل زۆلا-م کردووە، بەڵام قەت رۆمانەکانیم بەدڵ نەبووە. لەوانەیە واقیعە کۆمەڵایەتییەکان فاکتەرێکی گرنگ بن، بەڵام سیاسەت وەبیرهێنەرەوەی هونەرە. من سەبارەت بەم شتانە نانووسم، تەنها بە دەستەبژێرێکی تایبەت شت نانووسم، تەنانەت بۆ خۆشم نانووسم، من تەنها دەنووسم و بەس.»

کە باس لە سەرقاڵی و ترس و نیگەرانییەکانی یەشار دەکرێت، بزەی دێتێ و دەڵێت: «بۆ خاتری خوا سەیری ئێمە بکەن، هەموومان بووینەتە مرۆڤی گەمژە و نەزان، کاتێك بیر لە چیرۆك دەکەمەوە، هیچ داهاتوویەکی گەش بەدی ناکەم، چونکە هیچ داهاتوویەك لەئارادا نییە.» یەشار کەمال لەسەر قەنەفەکە خۆی لار دەکاتەوە، لە قسەکردن بەردەوام دەبێت: «بەڵێ، چەشنێك سەرکێشی و سەربزێوی لە رۆمانەکانمدا هەیە، بەڵام ئەمە سەرکێشی نییە لە دژی مرۆڤایەتی. تا ئەو کاتەی مرۆڤ لە خاڵێکی تاریکەوە بەرە و خاڵێکی تاریکی تر دەڕوات، بەردەوام ئەفسانە بۆخۆی دروست دەکات. جیاوازیم لەگەڵ خەڵکی تر لەوەدایە کە من ئەفسانەکانم دەنووسمەوە.»

**پاڵەوانی رۆمانەکانی**

پاڵەوانی چیرۆك و رۆمانەکانی یەشار کەمال رووبەڕووی کێشمەکێشێکی بوونگەرایانە دەبنەوە، هەمان کێشمەکێش کە «چکوڕادا» بەدرێژایی تەمەنی تووشی بوو. هەشتا ساڵ پێش ئێستا، گوندی «مەمیت» کەوتبووە ناوەڕاستی شەڕ و گێژاوەوە، بەڵام ئەمڕۆ تەنها ئەرزێکی تەختی لێ ماوەتەوە. ژیانی کۆچەری بۆتە مێژوو. کۆچەرییە وەرزییەکان بەرەو لە ناوچوون دەڕۆن. چیرۆکە زارەکییە میللییەکانی ناوچەکەش تەنها لە یادگەی چەند پیرەمێردێك دەرکێشراوە، لە کتێبخانەی گشتیی ئەدەنە کراوە بە کتێب.

یەشار کەمال مەیلی بیرداڕێژی نییە، وای پێ باشە لە جیاتی بیرۆکەی

ئەدەبی، باسی رۆمانی «ئەفسانەی هەزاران جوانەگا» بکات. بنەماڵەی حەیدەر، پشتاوپشت خەریکی ئاسنگەری بوون و شمشێری زۆر بەناوبانگیان دروست دەکرد. حەیدەر بریار دەدات واز لە هەرچی پلە و پارەیە بهێنێت و دەچێتە لای «رەمەزان ئۆغلۆ» نـەوەی شاهەنشای ئەدەنە، بۆ ئەوەی باشترین بەرهەمی خۆی پێشکەش بکات. حەیدەر دەرگای ماڵە دەروێشانەکەی خۆی دەکـاتـەوە و دەڵێت: «لـەو رۆژە خـۆشـە!» کـارەکـەی حـەیـدەر جێبەجێ دەبێت، تەنانەت «عیسمەت ئینۆنو» سەرۆك کۆماری ساڵی 1938 دەچێتە لای، بەڵام لە بەرامبەر شمشێرەکەدا هیچی پێ نـادات. حەیدەریش تاکو نیوەشەو هەر خەریکی کار بووە و بەرەبەیان، دراوسێکانی تەرمەکەی دەدۆزنەوە. پێش مـردن، شمشێرەکەی خراپ داهێنابوو. یەشار کەمال لـەو بـارەیـەوە دەڵێت: «چارەنووسی حەیدەر بەندە بە پارچە ئاسنێکەوە، نەیدەتوانی زیاتر لەوە بێت کە هەیە.»

چیرۆکەکانی یەشار پڕن لە کەسایەتی دۆن کیشۆت-ئاسا، بەڵام هیچیان هێندەی خودی نووسەرەکە (دۆن کیشۆت) نین. کەمال بەناوبانگترین رۆمانووسی ناوخۆی تورکیایە، بەڵام دەڵێی زۆری پێ چووە، ئیتر کەس چاوەڕوانی خەڵاتی نۆبڵی لێ ناکات. تاکو ئێستا 30 رۆمانی نووسیوە، زۆر کـەس پێی وایـە کـە بەشێکیان دووبارەن، هەندێکی تر دەڵێن ستایل و کارەکتەرەکان لەبەرهەمەکانیدا پەیوەندی بە دنیای ئەدەبیاتی رابـردووەوە هەیە، لەبەر ئەوە ناتوانێت رکابەریی فەنتازیا پـۆسـت مۆدێرنەکانی چیرۆکەکانی «نۆرهان پاموك» بکات.

**لەبارەی یەشارەوە**

«حیلمی یاووز» شاعیر و رەخنەگری ناسراوی تورك، سەبارەت بە یەشار کەمال دەڵێت: «چیرۆك نووسێکی لێهاتووە، بەڵام کێشە لێرەدایە کە دنیای چیرۆك لای ئەو زۆر جیاوازە لەگەڵ راستییەکانی ژیانی مۆدێرنی تورکیا. تورکیا ئیتر وڵاتێکی بچووك نییە، ئەم فەرمانەی ئەتاتورك کە دەڵێ جووتیاران ببنە گەورە و کوێخامان، ئیتر بـاوی نـەمـاوە.» لەگەڵ ئەمەشدا، یەشار کەمال پاشەکشە ناکات و قەڵەمە تازەکانی سەر مێزەکەی، گوزارشت لە رۆمانێکی تازە دەکات، رۆمانێك لەسەر راگواستنی تورکەکان و یۆنانییەکان دوای ساڵی 1922. یەشار لەبارەی ئەو کتێبەوە دەڵێت: «مرۆڤەکان لەمردن دەترسن، بـەڵام لەچاوتروکاندنێکدا هەمووومان دەمرین. ئەمە هەمان چیرۆکە کە دەبێ بینووسم.»

وتووێژەکەمان چوار سەعاتی خایاند، وا ئێوارەیە، عائیشە بابان دەرگای ژووری میوان دەکاتەوە و دەڵێت: «ئەوەی بۆی هاتبووی دەستت کەوت؟ دەبێ خوانی ئێوارە ئامادە بکەین؟» مێشکم پڕ لە چیرۆکی جیاوازە، بەرە و شەقامەکەی خوارەوە شۆڕ دەبمەوە، ئاگادارم لەوەی کە پاسێکی خێرا وەبەرم نەدات. لەپڕ هۆشم دێتەوە سەرخۆ، لەناوەڕاستی ئەستەنبوڵم نەك لە دنیای خەیاڵات.

**پاڵەوانی چیرۆك و رۆمانەکانی یەشار کەمال رووبەڕووی کێشمەکێشێکی بوونگەرایانە دەبنەوە، هەمان کێشمەکێش کە «چکوراوا» بەدرێژایی تەمەنی تووشی بوو**